
# مانگی یافا

گۆران مەریوانی
(سوێد)



مانگ هاتبووە بەر ماڵمان دەرگای دڵی کردەوە
لە پەنجەرەی ژووری نووستنیدا بوو
من نووستبووم، نەمکردەوە.
بە ئەسپایی چرپاندی،
نووستوویت، یانە بێداریت؟
دنیا نغرۆی جەنگە!
دەرگا لە منی ئاشنات بکەرەوە.
خەواڵووبووم تۆپ دەباری
ئاگر شوێنی بارانی گرتبووەوە.
چوومە خوارێ
وتم ئەی مانگ
نە خۆم گۆڕیوە
نە چایەکی ڕەشم
بە شیری ڕوخسارت نۆشیوە.
وتی ئەی دۆست! چەک و تەقەمەنی نەبێ
من گشت شتێکم پێیە.
دەرگای بۆ کردمەوە.
من بە بێجامەوە سوار بووم.
چاوم لێ بوو،
ئاگر بێوچان دەباری
خوێن کەم کەم دەڕژا
مرۆڤ زۆر زۆر دەکوژرا
درەخت پێکەوە دەسووتا
ڕووبار شەپۆلی دەوەستا
مانگیش پەنجەرەی داخست و
ئەستێرەکانی هەڵگرت و
لەسەرخۆ بە ئاسمانی شیندا دەفڕی
بەسەر زەویدا دەگەڕا
منیش بە بیجامەی هاوینەوە
لە پەنجەرەی مانگەوە
بەسەر کوشتاردا دەمڕوانی.

**٢٠٢٣/١١/٢٩، باشووری یافا**